# عەدنان حەسەن پوور بێبەشكراووترین زیندانی سیاسی لە پارێزگای كوردستان




عەدنان حەسەنپوور رۆژنامەوانی بەندكراووی كورد كە لە لایەن دادگای شۆرشی شاری مەریوانەوە بریاری لەسێدارەدانی بە سەردا سەپا، بێبەشكراوترین زیندانی كوردە لە پارێزگای كوردستان.

بە پێی ئەو هەواڵانەی كە لە زیندانی ناوەندی و نزیكانی ئەم چالاكە بەندیەوە وەدەسكەوتوون، ناوبراو لە دوساڵی رابردوو و بە تایبەت پاش دەرچوونی بریاری لە سێدارەدانی بە تۆمەتی دژایەتیكردن لەگەڵ خودا، تا ئێستا روبەرووی گوشار و بەربەستی فراوان بۆتەوە.

بە پێی ئەم هەواڵانە، حەسەنپوور هیچكات لە زیندان مافی بەكارهێنانی تەلەفونی بە مەبەستی پێوەندیگرتن لەگەڵ بنەماڵەكەیدا نەبووە كە ئەمەش پێشێلكاری راشكاوانەی مافی زیندانیانە.

هەروەها بە پێچەوانەی هەموو زیندانیانی تر، چاوپێكەوتنەكانی ئەو لەگەڵ بنەماڵەكەی بە شێوەی " كابینی" ە و هەرجارە بۆ ئەم چەشنە چاوپێكەوتنەش كۆمەڵێ گرفت بۆ ماڵباتی حەسەنپوور دروستدەكرێت.

نزیكانی ئەم رۆژنامەوانە بەندكراوە رایانگەیاندوە كە بە هۆی دەستپێرانەگەشتنی عەدنان بە تەلەفوون، دایكی نەخۆش و بەساڵاچووی ناوبراوو هەرجارە بەمەبەستی ئاگادار بوون لە رەوشی كورەكەی ناچارە رێگای مەریوان- سنە ببرێت كە ئەمەش بۆتە هۆی گوشاری زیاتری رۆحی و جەستەیی بۆ سەر عەدنان و بنەماڵەكەی.

پێشتریش هۆیەكانی راگەیاندن بڵاویانكردبوەوە كە گوشار بۆ سەر عەدنان حەسەنپوور و بێبەشكرانی لە مافە سەرەتاییەكانی هەر بەندییەك وەك پێوەندی تەلەفوونی بەردەوامە.

ناوبراو هەروەها ساڵی رابردوو بۆ نارەزایی دەربرین لە بەرامبەر سزای لەسێدارەدان و لەدژی هەڵسوكەوتی خراپ و ناتەبا لەگەڵ یاساكانی دادوەریدا پتر لە 50 رۆژ مانی لەخواردن گرت.

هەروەها ماوەیەك پێش ئێستا كۆمەڵێ زیندانی سیاسی و عەدنان حەسەنپووریش وەك یەك لەوان لە چەند نامەدا بۆ شاهروودی سەرۆكی باڵای دادوەری لە ئێران كە لە راگەیاندنەكانیشدا بڵاووكرایەوە بە ئاماژەدان بە رەوشی ناوەندەكانی دادوەری و زیندانیانی سیاسی ، بە توندی رەخنەیان لە هەڵسوكەوت لەگەڵیاندا و پێشێلكاری مافەكانیان لە قۆناغەكانی لێپێرسینەوە و دادگایی و راگرتنی كاتیدا گرتبوو و خوازیاری بەدواداچوونی جیدی بوون.

حەسەنپوور کە زیاتر لە دوو ساڵە دەستبەسەرکراوە، گەلاویژی ساڵی رابردوو لە لایەن لقی یەکی دادگای شۆری ئیسلامی لە شاری مەریوان بە تاوانی دژایەتیکردنی خودا سزای لە داردانی بەسەردا سەپاو ئەم بریارەش دواتر لە لایەن دادگای باڵای ئێرانەوە ئەرێنی کرا.

پارێزەرانی عەدنان ئەم بریارەیان با نەشەرعی و بە پێچەوانەی یاساکانی سزادان لە ئیسلام و لە دەزگای دادوەری ئێراندا پێناسە کرد و بۆ ئەم بەستەش نارەزایی خۆیان دەربری.

محەمەد ساڵح نیکبەخت یەك لە پارێزەرانی عەدنان، خەرمانانی ئەم ساڵ لە وتوویژ لەگەڵ ئاژانسەکان، هەواڵی هەڵوشاندنەوەی سزای لە سێدارەدانی عەدنان حەسەنپووری راگەیاند.

پاش بڵاووبونەوەی هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەم بریارە، عەدنان دوو جاری تر واتە لە رۆژەکانی 16ی خەرمانان و 11ی رێبەنداندا دادگایی کراوەتەوە کە تا ئێستا دەرئەنجام و بریاری دادگا نادیارە.

سەپاندنی سزای لە سێدارەدان بە سەر ئەم رۆژنامەوانە کوردەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ دەرچوونی سزای لەداردانی " هیوا بوتیمار" چالاکی مەدەنی کورد، نیگەرانیەکی فراوانی خستە ئاراوە و هەژماریکی زۆر رێکخراوو و کەسایەتی جیهانی و ناوچەیی ئەم بریارەیان ئیدانە کرد و داوای ئازادی بێ شەرت و مەرجی ناوبراویان کرد.

شایانی باسە ئەم رۆژنامەوانە کوردە کە ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتە نامەی راگیراوی " ئاسۆ" لە پارێزگای کوردستان بوو لەگەڵ هەژمارێك لە گۆڤار و بڵاوکراوە کوردی و فارسیەکان لە کوردستان و ئێران هاوکاری دەکرد و یەك لە چالاکانی فەرهەنگی ئەو پارێزگایە بوو.

هەروەها لە ماوەی دو ساڵی رابردودا سێ خەڵاتی جیهانی وەك خەڵاتی ئازادی چاپەمەنی2007 ی ئیتالیا تایبەت بە هەواڵنێرانی بیانی، خەڵاتی هەواڵنێرانی بێ سنوور لقی سوید و خەڵاتی رێکخراوی قەڵەمی هەریمی باسك لە ئیسپانیا 2008 بە عەدنان حەسەنپوور بە بێ ئامادە بوونی خۆی بەخشراوە.